# سەرمایەی مرۆیی لە دید و تێڕوانینی دەسەڵاتێکی مرۆڤکوژەوە

✍️ بەختیار محەمەد

یاسایەکی دیار و باو، سەبارەت بە دەسەڵات و کۆمەڵگە بوونی هەیە. دەسەڵات کاتێك خاوەن شەرعییەتە، کە گوزارشت لە خواستی کۆمەڵگە و تاکەکانی بکات، یاخود هیچ نەبێت تواناکانی خودی کۆمەڵگە لەو پێناوەدا وەگەڕ بخات، تا بتوانێت ئەرکی سەر شانی بەجێبهێنێت. یەکێك لەو سەرمایە گرنگانەی کە دەسەڵات لە تەواوی سەردەمەکاندا توانیویەتی سوودی لێوەربگرێـت، توانای مرۆییە، کە خۆی



بۆخۆی یەکێکە لە پێکهاتە و توێژە گرنگەکانی کۆمەڵگە، ئەو توێژەی کە هەوێنی تەواوی بوارە جیاوازەکانی خزمەتە لە بواری سەربازی و بەرهەمهێنان و کار و پشە و زانست و... هتد.

ئەو توێژە پێویستە دەسەڵاتێکی بە سیستەم و پرنسیپ، هەروەها ورد لە پەرەپێدانی توانا مرۆییەکان، ماندوو بێت لە ڕێکخستنیدا، ئەوکاتە خۆیان سەرچاوەی هەموو داهات و ئاسایشێکن لە کۆمەڵگەدا. بۆیە ئەو کۆمەڵگایانەی دەستی کار و هێزی گەنجیان تێدا کەمە، هەوڵ دەدەن بە هەر ڕێگەیەك بێت، ژمارەی دانیشتووانیان بە خەڵکی لاو و خاوەن توانا زیاد بکەن. بۆ نموونە: کۆمەڵگەی کوردی لانکەی پێگەیاندنی ڕۆڵەی بەجەرگ و پاڵەوان ئاسایە لە فیداکاری و گیانبازیدا، بەڵام نەبوونی میکانیزمێك بۆ پەروەردەکردنی، شانبەشانی پێشکەوتنە جۆراوجۆرەکان، ئەم خوێنە پڕ لە نەبەردییە ناتوانێت ڕۆڵی خۆی بگێڕێت، چونکە بە سیستەم نەکراوە.

تەنانەت بۆ تەواوی کایە جیاوەزان، هەمان ڕێسا تا ڕادەیەکی باش، گونجاوە. بۆیە ئەگەر هاتوو وڵاتێك دەسەڵاتێکی خەمخۆر بەڕێوەی ببات، هێزی لاوەکانی لە خێر و داهاتی نیشتمانەکەیدا بەکار بخات، واتە کارلێکی هێز و توانا لەگەڵ ماددەدا، ئەوا بێگومان بەشێکی زۆری لایەنەکانی ژیان بەبێ گرفت بەڕێوە دەچن. هەموان خۆشگوزەران دەبن و ووڵات دامەزراوەترو ئارامتر ، لەگەڵ ئەوەشدا خۆشەویستی و ئینتیمای هاوڵاتیان بۆ خاکەکەیان باشتر گەشە دەکات، بەڵام لە کاتێدا مرۆڤ لە وڵاتێکدا بیگوزەرێنێت کە هیچ شتێك لە شوێنی خۆیدا نەبێت، ڕێزی توانا و بەهرەکانی مرۆڤ نەگیرێت، هیچ گەرەنتییەك بۆ ژیان و داهاتووی نەبێت، دەسەڵاتێك هەبێت مرۆڤکوژ، خۆسەپێن، نەبیستێ و چاو لە ڕاستییەکان بنوقێنێ، ئەوەی بەهای مرۆڤ

بێت نەزانێت، ئەوکاتە جگە لە جەنگەڵێك، هیچی تر نابێت.

وڵاتێك نەخوێندەوار و ماستاوچییەکانی خاوەن مووچە و سەرقاڵی مشەخۆری بن، گەنجە خاوەن بڕوانامە و خاوەن بەهرە و تواناکانی بێ کار و بێ دەسەڵات بن، ئەگەر دەنگیش لە ئاستی هەر نادادییەکدا هەڵبڕن، بە دەستڕێژی گوللـە وەڵام بدرێنەوە، دەسەڵاتێك بەهرەمەند نەبێت لە توانای توێژێك کە سەرچاوەی هێز و بیر و بیرکرنەوە بن، ئەوا نەوە بە نەوە دارمان و پاشکەوتەیی دەگوازرێتەوە.

لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا، چرکە بە چرکەی پێگەیاندنی تاك ئەژمار دەکرێت، تا ئەو کاتەی ئەو تاکە دەگاتە تەمەنێك بەرهەمی بۆ وڵات هەبێت، ئەوجا دەستەبەری ئەرك و مافی بۆ دەکات و دەیکاتە کائینێکی خاوەن توانا و متمانە، بۆ ئەوەی هەموان بەشدار بن لە بنیاتنانی وڵاتدا، بەڵام لە وڵاتی بێ سیستەم و یاسا و دەستووردا، ئەو تاکانەی چاوەڕوانی بەخشینیان لێبکرێت، یان بێبەش دەکرێن لە کایە جیاوازەکاندا، یاخود هەر بە لاوی خانەنشینی دەکەن، چونکە ئەو تاکە خاوەن توانا و بەهرانە، بە ئاراستەیەکی کۆنەپەرستانە بیرناکەنەوە و ناگونجێن لەگەڵ دەسەڵاتدا، سەرئەنجام چارەنووسیان هەر بێدەنگکردن و لەکارخستنە، بە هەر ڕێگایەك بێت، ئینجا بە دەستڕێژی گوللـە بێت، یاخود کوشتنی سیستماتیکی بێت و بە مەراقەوە سەربنێنەوە، ئەمەش بۆ پاراستنی دەسەڵاتی بنەماڵە و چینە چەورخۆر و کۆنزێرڤاتیڤەکەیە. بۆیە وڵات و دەروونی تاکەکانی، هەر لە بۆنە و یادی کارەساتە خولقێنراوەکانی دەسەڵاتدا دەیگوزەرێنن.